

عومەر حاجی

# جەسارەت

مناجات دەستەکانی شل بوون
لەیەکەم ڕۆژی دابرانەوە
هێدی ... ......... هێدی
پەنجەکانی هەڵدەوەرین ،
.. سکۆیەکی پەشیمانیت لوتفی کرد ،
دانیشتـی‌و حەزمان
- بە دووبارە بونەوەی شەو دەکرد
- بەگێرانەوەی یادگاریە هەنگوینییەکان
- بەگریانێکی بێ دەنگ
- بەزەمەنێ کە خەونەکانی سەوزبوون
ئەو چرایە دامەگیرسێنە
زەرور نییە
فیراق وای کرد لە چاوانما
هەموو گیانت چراخان بێ
هات ... نزیکتر بوو لێم
پەنجەکانی دەستی چەپم
تەنها ... تاڵێکی لەقژی دەرکێشا
بۆنی کردوو ووتی
ئەوە بۆ پەڕینەوەی روحە
لەو ئاگرەی کەبەوەهەم
دەمسوتێنێ‌و ..... نامسوتێنێ
پەنجەکانی دەستی ڕاستم
وەها تێکەل پەنجەکان بوون
شیلەی عیشقیان لێ دەڕژا
شەو بەرەو سپێدە ئەچوو

روحـــــــم
چرکەکانی ماڵئاوای دەژمارد
دڵیـــشم ...
تەواوبوونی هەناسەکانی شەرم
نیگەرانم شەو تەواو بوو
پەنجەکانم
وەک لێوەکانمی پێنەکرا
ترسنۆک بوو
دووگمەکانی نەکردەوە
دەرگا لەسێوەکانی باخی ئیرەم بکاتەوە
لەو ڕۆژەوە لەداخانا
لەکەمین دام
فرسەت هەبێ
پەنجەیەکم دەبرمەوە
تـــــــا .....
تائێستاش جەسارەت
هەموو شەوێ
بۆ ئامێزی نیەگەرانیم دەباتەوە
تۆش هاورێ ڕەش پۆشەکەم
لە پیاسەی ئێوارانا
پێ لە گەڵا وەریوەکانی
پایزی تەمەنم مەنێ
با خشپەی گەڵا
لەوە زیاتر
روحم هەراسانتـر نەکا .